**وەك نارەزایی دەربڕینێك لەبەرامبەر پێشێلكردنی مافی رۆژنامەنووسان..**

# پەیامنێری (گەرمیان)ی هەفتەنامەی شەقام لەبەندیخانەی (کانی گۆمە) مان لە خواردن دەگرێت

دوای ئەوەی رۆژی (٧) ی ئەم مانگە لە شارۆچكەی دەربەندیخان پەیامنێری گەرمیانی هەفتەنامەكەمان (تاهیر تۆفیق) ناسراو بە (تاهیر ریشە) لەكاتی ئەنجامدانی كاری رۆژنامەنووسی لەلایەن پۆلیسی گەرمیانەوە ئازار و ئەشكەنجە دراو بەبێ هیچ بڕیارێكی دادوەریش دەستگیركرا..، سەرلەبەیانی رۆژی سێشەممە (٢٠٠٦/٨/١٥) وەك نارەزایی دەربڕینێك لەبەرامبەر پێشێلكردنی مافی رۆژنامەنووسان بەگشتی، لە بەندیخانەی (كانی گۆمە)ی شاری سلێمانی مانی لە خواردن گرت.

مانگرتنی پەیامنێرمان بە مافێكی ئاسایی و مامەڵەیەكی شارستانی و دیموكراسیانە دەزانین بۆ داكۆكیكردن لەبنەماكانی كاری رۆژنامەنووسیی و، رووبەڕووبونەوەی رۆژنامەنووسان بۆ هەر جۆرە پێشێلكارییەك كە دەرهەقیان دەكرێت. چونكە ئەمە لەكاتێكدایە كە چەند رۆژێك لەمەوبەر روونكردنەوەیەكمان سەبارەت بە دەستگیركردن و سووكایەتی پێكردنی پەیامنێرمان لەلایەن پۆلیسی گەرمیانەوە، بڵاوكردەوەو، هەمان كات لایەنە پەیوەندارەكانی ئەم كێشەیەشمان ئاگادار كردەوە. بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش ئازاد نەكراوە...!

ئازاد نەكردنی تا ئێستای پەیامنێرمان نەك هەر دژی بنەماكانی مافی رۆژنامەنووسیمانە، بەڵكو زەنگێكی خەتەرناكیشە لەبەردەم پرۆسەی بەدیموكراسیی كردنی كۆمەڵگا و، تەواو پێچەوانەی ئەو راسپاردانەی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستانیشە كە دەڵێ: ( **نابێت رۆژنامەنووسان دەستگیر بكرێن و..هتد..)**

بۆیە جارێكی تر داواكارین:

*** دەست بەجێ پەیامنێری گەرمیانی هەفتەنامەكەمان ئازاد بكرێ..**

***داواش لەسەرجەم رۆژنامەنووسان و نووسەرو رۆشنبیرانی كوردستان دەكەین بە كۆدەنگییەكی تەواوەوە لەبەرامبەر هەر پێشێلكارییەك كە دەرهەق بە رۆژنامەنووسانی كوردستان بە گشتی دەكرێت، هەڵوێستی كردارەكی بنوێنن.**

لەگەڵ رێزماندا..

<u>وێنەیەك بۆ/</u>

* سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان

* وەزارەتی ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان

* رێكخراوەكانی مافی مرۆڤ لە كوردستان

*لیژنەی داكۆكیكردن لە مافی رۆژنامەنووسان

* سەرجەم دەزگاكانی راگەیاندن

شەقام

**دەستەی بەڕێوەبردن**

**٢٠٠٦/٨/١٥**